# مقۆ مقۆی کورد کوشتن ودژایەتی کردنی کورد

## ئەحمەد دەشتی

شتێکی تازەنیە کەدوژمنانی راستەقینەی گەلی کوردو کوردستان هەتا ئەو سەردەمانەی کە بۆیان بلوێت ئەوا هەرگ أیز واز لە کوردستان و گەلی کورد ناهێنن و بە هەموو شێوەیەکەوە دژایەتی کورد و کوردستان دەکەن و هەرچەند گەلی کورد ڕووی دۆستایەتیان تێ بکات و داوای ژیانی برایەتیان لە گەل دا بکات ئەوان قەت و قەت نابن بە دۆست و هەرگیز خۆیان بەبرای کورد نازانن و ئەوان کارو ڕەفتارو بۆچون و ڕامانەکانیشیان هەر لەو ڕۆژگارانەی کە بەناوی دینەوە دەسەلآتیان بۆ خۆیان و سودی میللی خۆیان پەیدا کردوەو توانیویانە کە بە دەها وەلاتی خۆیان لە سەر حیسابی ئاین پێک بێنن و هەموو مافێکیان بۆخۆیان بەڕەوا دابنێن ،کە بەپێچەوانەی دینەکەی خۆشیان خۆیان بەپیاو چاک و خەلکانی تر بە پیاو خەراپ دابنێن کەچی لە قورئان دا دەخوێنینەوە کە دەڵێت ( عەرەبەکان تابڵێی خەراپ و دوو ڕوو و بەدکارن) و لەو کاتەش دا کە دەسەلاتیان نەبوو گوتیان (هەرکەس لە سەر ئاین و بیرو بۆچونی خۆی بێت و هەرکەس دینی خۆی بۆخۆی و دینی ئێمەش بۆ خۆمان) بەلآم کە دەسەلآتیان پەیدا کرد و گوتیان( هەموو ئەوانەی کە باوەڕ ناهێنن بە تێکڕایی بیان کوژن و لەناویان بەرن)بەلێ بەدرێژایی مێژوو پێڕەویان لەوە کردوەو هەتا ئەمڕۆش هەر ئەوە بیرو بۆچون و سیاسەتیانە و نەگۆڕاون ،بەلێ دەبینین لە کاتی بێ دەسەلاتیان دا وەکوو مار سڕ دەبن و خۆیان و ەک خۆیان دەخیل دەکەن و بێ دەنگ دەبن بەلآم کە تۆزێ دەسەلآتیشیان کەوتە دەست ئەوان دوژمنانی دیرۆکی کوردن ودۆستایەتی و برایەتی هەرگیز ناناسن، دەبینین ئەمڕۆ لە کوردستانی باشور دا وا دیسان خەریکن کە مقۆ مقۆی دژ بەکورد و کوردستان بە ئاشکرایی زیندوو دەکەنەوە و دژایەتی کورد لەلای ئەوانەوە سەر هەڵ دەداتەوەو هەمان تاس و هەمان حەمامی جاری جاران و ڕامانی شۆڤێنیەت و دکتاتۆریەت و کورد کوشتن بە کردەوە و بە پەیڤین و هەستی بۆگەنی پیاو خراپانی مێژوو و دوور لەهەموو بیرو باوەڕێکی مرۆڤایەتی و دوور لە هەر ئاین و هەستێکی پیرۆز دا چەندان جار چەند بارە دەکەنەوە، لە لایەکەوە ترۆریستانی دژ بە مرۆڤایەتی کە هەر لە خودی خۆیانن هەتا بۆیان بکرێت ئەوا دەستیان لە کورد کوشتن و هەموو مرۆڤێکی بێ تاوان شل ناکەن و وا کەوتوونەتە گیانی خەلکی بێ گوناهی کورد و سەران دەبڕن و جەستەی لاوانی کورد پارچە پارچەو سەریان لە تەن جیا دەکەنەوەو لە ناو خۆیان حەشاریان دەدەن و لە هیچ کارێکی دژ بە مرۆڤی کورد ناوەستن و قەتیش نەوەستاون، جگەلەمەش لەملاو ئەولا دا دەبیستین و دەخوێنیەوە کەشۆڤێنیە کەسیفەکانی دژ بە کورد چۆن لە سەر کەنالەکانی ڕاگەیاندنە عارەبیەکانیان دا چۆن بەکورد دەوەڕن و چیمان پێ دەڵێن و چۆن دژ بەکورد دەپەیڤن و تا خەراپە گوتن هەبێت ئەوا هەرگیز چاکەیان لەدەم نایێتە دەرەوە.دوێنی لەڕۆژنامەی ئەلحەیات دا چاوم بە لێدوانێکی یەکێ لە سەرچاوەکانی کە بەناوی هەر چوار کەسی مەرجەعی شیعەوە لە شاری نەجەفەوە بە ناوی شێخ عەلی ئەلروبیعی دەپەیڤێت و دەڵێت: ڕای ئێمە بەرامبەر بەفیدرالی کە کوردەکان داوای دەکەن ئەوەیەکە نەگۆڕە و بەهیچ

شێوەیەک هێزەکانی سیاسی شیعە نکارن کە کاریگەریەتی لە سەر هەڵوێستی مەرجەعیەتی شیعە بکەن کەدژ بەفیدرالیەتە.
ئەو دەڵێت کەمەرجەعیەتی شیعە بەپێی بەلگەکانی شەرعی فیدرالی ڕەت دەکاتەوە. بەڵێ من پێم وایە کە هەرگیز ئەوانەی کە کورد زۆر بەسادەیی ناویان بە براو دۆست دەبات قەت دان بە بوونی گەلی کورد ناهێنن و سبەش کە دێ هەر بەناوی دیموکراتیەتەوە پەلامارمان دەدەنەوە و لە دەستاین بێت قەت لێ ناگەڕێن کە کورد لە ناو ماڵی خۆی و لە خێدی خۆی دا ئاسودە بیێت و قەت دان بە کورد ناهێنن .
ئەوەی کە جێگەی داخە ئەوە ئێمەش لەوان بۆ وان دڵسۆزترین و لەم ماوەیەدا هۆکارێکی گرینگی دروست بوونەوەیان بوینە و ئێستاش هەر واین، لەم ڕۆژانەدا لە شاری بەرلین هەلبژارنێک لە لایەن جالیەی عێراقی کە زۆربەی هەرە زۆری بەشداربوان کورد بوون و بۆهەلبژێردرانی نوێنەرانی خۆیان هاتبوون کە 21 کەسیان هەلبژارد و تەنیا چوار عارەب یان تیا دا بوو ، لەو 21کەسە،دوایی ئەو 21 کەسەێ هەڵبژاردنی سەرۆکێکیان کردو کوردەکان رێک نەکەوتن کوردێک هەڵبژێرن کە هەستان ژنێکی عارەبیان بە لێپرسراوی خۆیان هەلبژاد و بۆ خۆیان مافیان بە خۆیان نەدا لێرەش هەر ئەوان بە برا گەوورە داندران و نەیان توانی کە بە یەکەوە رێک کەون کوردێک بە سەرەک جالیەی عێراقی هەڵبژێرن کە مافی خۆیان بوو !!!! نازانم تاکەی واز لەم خەسلەتە ناهێنین دەبا بەس بێت و نەفرین لەم خەسلەتە زشتە بکەین ، با چیتر ماف بەخۆمان نەدەین کە خەلکانی تر لە خۆمان بە باشترو چاکتر بزانین ، سابا ئێمەی کورnدیش بۆخۆمان بین و یەکتر بگرین لە سەر هەموو کێشە ڕهواکانی میللیمان کۆک بین و قەت خۆیی بە نەیار نەگۆڕینەوە و پەند وەر بگرین و کە تەنیا هۆکاری سەرکەوتنی کوردو کوردستانمان یەک گرتن و خۆشەویستی کوردو کوردستانەو بەس . 5.12.2004